ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# ریفراندۆم و سەربەخۆیی

## ئامراز یان ئامانج ؟

بەیار عومەر عەبدوڵا




ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com

حوزەیرانی ٢٠١٧

# ریفراندۆم و سەربەخۆیی

# ئامراز یان ئامانج؟

**نوسین و ئامادەکردنی**
**بەیار عومەر عەبدوڵا**

**ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان**
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
**حوزەیرانی ٢٠١٧**

## پێڕست

پێشەکی ........ ٢
پەرلەمان و شەرعیەتی ڕیفراندۆم ........ ٣
تێڕوانینی بزوتنەوەی گۆڕان لەبارەی سەربەخۆییەوە ........ ٤
چۆنێتی گەیشتن بە سەربەخۆیی ........ ٨
دروستکردنی پایەکانی دەوڵەت یان پروپاگەندەی سیاسی (ئیسرائیل بەنمونە) ........ ١٥
ئەزمونی وڵاتانی نوێ دوای سەربەخۆیی ........ ١٨
ئەنجامگیری ........ ٢١
سەرچاوەکان ........ ٢٢

## پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتە هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ئەو ڕاستیەی کە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی و دەوڵەت ئامرازی نیشتیمانین بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆیان، نەك ئامانجی تایبەتی  حزبێک، شەخسێک یان گروپێکی تایبەتی نێو کۆمەڵگا بێت.

بۆیە نابێت ڕێگە بدرێت کە پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی لە پرسێکی نیشتیمانیەوە بکرێتە پرسی لایەنێک یان چەند حزبێک بۆ داپۆشینی شکستە سیاسی و ئیداری و ئابوریەکانی، هاوکات بەربەوە بگیرێت ئەم پرسە بکرێتە مادەی موزایەدەی حزبێك بەسەر حزبەکانی ترەوە.

ئەم ڕاپۆرتە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، کە ئایا ڕیفراندۆم شەرعیەتی یاسایی و سیاسی هەیە بەو شێوەیەی کە پارتی و بەشێک لە لایەنەکانی تر دەیهانەوێت ئەنجامی بدەن؟ ئایا دەوڵەت پایەکانی دروست دەکرێت، پاشان ڕادەگەیەنرێت، یان بەپێچەوانەوە؟ پرسی دەوڵەتی کوردی لەڕوی مێژوییەوە موڵکی هیچ کەس و لایەنێکە؟ پارتی چ فۆرمێك لە دەوڵەتی دەوێت؟ ئایا مەرجە دەوڵەت تەنها لەڕێی ڕیفراندۆمەوە دروستبکرێت؟ بزوتنەوەی گۆڕان پاڵپشتی چۆن پرۆسەیەک دەکات؟ پایەکانی دەوڵەت بەبێدەنگی دروست دەکرێت، یان بە پروپاگەندەی ڕاگەیاندن؟ ئەزمونی وڵاتە تازەکان چیە، دوای سەربەخۆیی؟

## پەرلەمان و شەرعیەتی ڕیفراندۆم

ساڵی ٢٠٠٥ پەرلەمانی کوردستان کە ئەوکات یەکێتی و پارتی زۆرینەی زۆریان پێکدەهێنا و (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمان بوو، پەرلەمان بریاری ژمارە (١)ی دەرکرد. بە پێی ئەو بریارە هەموو پرسە چارەنوسسازەکان دەبو بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و لەوێ بڕیاری لەسەر بدرێت. هاوکات بەپێی بڕگەی (٢) ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، پەرلەمان مەرجەعی پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردە لە هەرێمی کوردستاندا. بۆیە لەگەڵ بریاردان بۆ پرسی ریفراندۆم پێویستە پەنا ببرێتە بەر بۆ پەرلەمان و لەو رێگەیەوە بریاری لەسەر بدرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەکە قورسایی قانونی هەبێت و نەبێتە مادەی موزایەدەی حزبێك بەسەر حزبەکانی ترەوە. کاتێک ئەنجامی ڕیفراندۆمەکەش ڕاگەیەندرا، هەر دەبێت پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکات و تەسدیقی بکات و بە بڕیارێک دەرئەنجامەکانی بچەسپێنێت.

بە کورتیەکەی پێویستە پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکە کە ئەو کات نوێنەریان لە پەرلەماندا هەبووە، سەرەتا ڕێز لەو یاسایە بگرن کە خۆیان دەریانکردووە، چونکە هیچ پرسێک هێندەی پرسی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم گرنگ نیە، کەواتە بە پێی بریاری ژمارە (١) دەبێت ئەو پرسە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و لەوێ بڕیاری لێبدرێت.

بەڵام پارتی و هاوئاوازەکانی دەیانەوێت پرسەکە لە دەرەوەی پەرلەمان و لە دیوەخانە حزبیەکانیاندا یەکلایی بکەنەوە. ئەمەش جگە لە هەوڵێک بۆ بێ نرخ کردن و بێ ئەرزشکردنی حزبەکانی تر و خۆ بە پاڵەوان کردن و موزایەدەی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەنگ و شاردنەوەی گەندەڵی و شکستەکانیان لە ٢٦ ساڵی ڕابردودا هیچی تر نیە.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەرەی کوردستانی دامەزرا، وەك پلاتفۆرمێك بۆ کۆکردنەوەی سەرکردایەتی سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و گەیشتن بە بڕیاری هاوبەش لەبارەی پرسە چارەنوسسازەکانەوە چونکە ئەوکات گەلی کورد هیچ دامەزراوەیەکی شەرعی و نیشتیمانی نەبو وەك حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوەکانی

تر، بۆیە بەرەی کوردستانی وەك بەدیلێکی کاتی دروستکرا. بەڵام ئێمە ئێستا حکومەت و پەرلەمان و چەندین دامەزراوەمان هەیە؛ کەواتە چ ڕەوایەتیەکی تێدایە سەرلەنوێ بگەڕێینەوە بۆ ٢٦ ساڵ لەمەوبەر، وەك ئەوەی نە حکومەتمان هەبێت و نە پەرلەمان، تا لە دیوەخانی حزبیدا بڕیار لەسەر پرسێکی وەها چارەنوسساز بدرێت.

## تێروانینی بزوتنەوەی گۆڕان لەبارەی سەربەخۆییەوە

مەسەلەی سەربەخۆیی لە کوردستاندا داهێنان و موڵکی هیچ هێزێک نیە بەتەنها. ئەگەر بگەرێینەوە بۆ مێژوو دەبینین چەندین پارتی دیکەی کوردی کە مێژوی ڕاگەیاندنیان بۆ بەر لە دروستبونی پارتی دەگەرێتەوە، ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان بوە. بە نمونە حیزبی (هیوا و کاژیك) دوان لەو پارتانەن کە لەسەردەمی خۆیاندا داوای سەربەخۆییان کردوە. پێش ئەوانیش، تەنانەت شاعیرە گەورەکانی کورد، وەك ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی داوای سەربەخۆییان کردوە. بەپێچەوانەوە، کە پارتی دروستبوە، داوای حوکمی زاتی کردوە، واتە بە سیستەمی لامەرکەزی ڕازیبوە بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا. واتە دوای چەندین ساڵ شۆڕشی یەك لە دوای یەك، پارتی سەقفی داواکاریەکانی کوردی هێناوەتە خوارەوە. دواتر پاش هەرەسی ساڵی١٩٧٥ و سەرهەڵدانەوەی شۆرشی نوێ بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەلایەن (نەوشیروان مستەفا)ەوە دروشمی (مافی چارەی خۆنوسین) لە ساڵی ١٩٧٨ بەرزکرایەوە. واتە ئەوکاتەی پارتی داوای حوکمی زاتی دەکرد، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داوای مافی چارەی خۆنوسینی بۆ سەربەخۆی کوردستان کردووە.

بەڵام ئێستا پارتی بەبێ ئەوەی هەوڵێکی ئەوتۆی دابێت بۆ دروستکردنی پایەکانی دەوڵەت، مەسەلەی سەربەخۆیی هێناوەتە بەرباس، تەنها بۆ ئەوەی گەندەڵی و شکستەکانی خۆی لە ٢٦ی ڕابردودا پێبسڕێتەوە و لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە شەرعیەتی فەرمانڕەوای مسۆگەر بکات.

بزوتنەوەی گۆڕان لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەرێگەی بەرنامەی سیاسی و چەندین نەخشەرێگاوە بە تیۆری و پراکتیکی کاری جدی بۆ بونیاندنانی دەوڵەت کردووە. بۆ نمونە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣ کاتێک گۆڕان وەزارەتی پێشمەرگەی وەرگرت،

ویستی هێزە حزبیەکانی ٧٠ و ٨٠ ی سەر بە یەکێتی و پارتی یەکبخات و سوپایەکی نیشتیمانی دروست بکات، پارتی ڕێگر بو، بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدا کە هێزەکانی بێنە ژێر ڕکێفی وەزارەتی پێشمەرگەوە. بەهەمان شێوە کە گۆڕان وەزارەتی دارایی وەرگرت، هەوڵیدا کە بندیوار و دووو موچەیی نەهێڵێت و سیستەمی بانکی و ئابوری نیشتیمانی دروست بکات کە ڕێگرە لەو گەندەڵیە بەربڵاوەی ئێستا لە هەریمی کوردستاندا هەیە، دوبارە پارتی ڕێگەی نەداو شکستی بەم هەوڵەش هێنا.

کەواتە زۆر ڕونە کێ بەڕاستی و بەکردار لەگەڵ سەربەخۆییە و کێش بۆ دروشم و موزایەدە بەکاری دەهێنێت و ڕێگە لە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات دەگرن.

بزوتنەوەی گۆڕان بەشێکی دانەبڕاوە لەو جوڵەو بزاوتە سیاسی و نەتەوەییەی کە لە مێژوی کوردا بونی هەبوە و ئامانجیان سەربەخۆیی بوە، بەڵام جیاوازی ئێستای گۆڕان لەگەڵ پارتیدا لەسەر میکانیزمی دامەزراندنی دەوڵەتەکە و کوالیتی دەوڵەتەکەیە. لە کاتێکدا پارتی دەخوازێت لەدەرەوەی پەرلەمان و لە دیوەخانە حزبیەکاندا بڕیار لەسەر ڕیفراندۆم بدات، بزوتنەوەی گۆڕان دەیەوێت لە پەرلەماندا وەك دامەزراوەیەکی شەرعی کە نوێنەری سەرجەم حزب و پێکهاتەکانی تێدایە، بڕیار لەسەر ڕیفراندۆم بدرێت، بۆ ئەوەی هەم شەرعیەتی یاسایی هەبێت و هەم ببێتە پرسێکی نیشتیمانی و لە بابەتی موزایەدەی حزبی بێتەدەرەوە.

زۆرینەی ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە پارتی جدی نەبێت لە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتدا، زیاتر ئەمە بەکاربهێنێت بۆ شاردنەوەی گەندەڵی و شکستە سیاسی و ئیداری و ئابوریەکانی لە قەرزاری حکومەتەوە بیگرە تا دەگاتە روبعە موچەیی و کۆچی بەردەوامی گەنجەکان بۆ هەندەران پاش فرۆشتنی بڕێکی زۆر لە نەوت و گاز. پارتی ئەیەوێت ڕیفراندۆم لە پرسێکی نیشتیمانی چارەنوسسازەوە بگۆڕێت بۆ پرسێکی حزبی ڕوت و بیکات بە فاکتەرێک بۆ داپۆشینی شکستەکانی لە بواری حوکمرانیدا. لەو ڕێیەشەوە هەڵبژاردنی ئەم جارە بەرێتەوە.

هاوکات دەیەوێت ڕیفراندۆم بەکاربهێنێت وەك کارتی فشاری سیاسی بۆ دەسکەوتی حزبی لە بەغدا و لەوێ هەندێك پلە و پۆست و پارەی پێ بەدەست بێنێت، بەتایبەتی

دوای لاوازبونی پارتی لە بەغدا و دەرکردنی هۆشیار زێباری وەزیری دارایی عێراق لەسەر پشکی پارتی لە پۆستەکەی.

بەڵام گریمان پارتی بەڕاستیەتی و دەوڵەت دادەمەزرێنێت، یاخود لە کورت مەودادا ڕیفراندۆم بەکار دەهێنێت بۆ هەندێك دەسکەوتی حزبی و بردنەوەی هەڵبژاردنی کوردستان و بەدەستهێنانی هەندێك پلەوپۆست و پارە لە بەغدا، و لە دور مەودادا کە هەل ڕەخسا و ئەمریکا و تورکیا ڕازی بون بەکاری دەهێنێت بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت.

لێرەوە ناکۆکی ئێمە و پارتی دەستپێدەکات. ئایا خەیاڵی ئێمە و پارتی بۆ شێوازی ئەو دەوڵەتەی هەمومان خەونی پێوە دەبینین وەك یەکە یان نزیکە لەیەکەوە. پارتی دەیەوێت میرنشینی بارزانی دروستبکات هاوشێوەی میرنشینە عەرەبیەکان، کە کەمترین ئازادی سیاسی و ڕۆژنامەوانی تێدانەبێت. واتە ڕۆژنامەکان کاریان پیاهەڵدانی بارزانی و وەچەکانی بێت، یان چارەنوسیان داخستن بێت، هاوکات هەڵبژاردن نەبێت، یان هەڵبژاردنێکی کارتۆنی پڕ تەزویر بۆ پۆستەکانی خوارەوە کە دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نیە، بەڵام پۆستە باڵاکان بەبێ هەڵبژاردن و بۆ هەتاهەتایە بۆ بنەماڵە بن. شتێکیش نەبێت ناوی سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ و دادگای بێلایەن و هەر کەس بچوکترین ڕەخنەی لە بنەماڵە و سیستەمی سیاسی گرت، جێگەی زیندان بێت.

لە ڕوی ئاینیشەوە پەرە بەرەوتێکی ئاینی بدرێت هاوشێوەی سعودیە، تیایدا فتوا بۆ ئەوە بدرێت کە پێویستە میللەت ملکەچی فەرمانڕەواکان بن ئەگەرچی گەندەڵیش بن.

لە ڕوی ئابوریشەوە، پارتی دەیەوێت کوردستان بکات بە کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر و دواکەوتو کە هەر چاوەڕوانی داهاتی نەوت و موچەی حکومەت بێت و لە بەرامبەریشدا بێدەنگ بێت لە گەندەڵیەکانی میر و وەچەکانی. پارتی دەیەوێت سوپا و هێزی سەربازی وڵات تایبەت بە بنەماڵە بێت و کاری پارێزگاری بێت لەوان لە بەرامبەر نەیار و ڕکابەرە ناوخۆییەکانیاندا.

بە کورتیەکەی پارتی ئەوەندەی مەبەستیەتی میرنشینی بارزانی دروست بکات، ئەوەندە مەبەستی نیە دەوڵەتێك بۆ کورد دروستبکات بە دەلیلی ئەوەی کە ئەگەر

پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین و ناوچەدابڕاوەکانیشی لە سنجارەوە تا کەرکوك و خانەقین تیا نەبێت گرنگ نیە بەلایەوە، تەنانەت ئەگەر لەچەند سەد کیلۆمەترێکیشدا بێت ڕای دەگەیەنێت، بەو مەرجەی پارتی حاکمی موتلەق و رەهابێت تیایدا. زیاد لەوەش، هەوڵەکانی پارتی بۆ بەحزبیکردنی ڕیفراندۆم و سەندنەوەی مۆرکی نیشتیمانی لە پرسێکی وا گەورە و چارەنوسساز و بەکارهێنانی وەك مادەی موزایەدە، وای کردوە کە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی لەسایەی سیاسەتە هەڵەکانی پارتیدا ئەوەندەی بۆتە پرسێك بۆ دابەشکردنی زیاتری کوردستان و حزبەکان بەسەر بەرەی جیاواز و دژ بەیەکدا و دروستبونی ئاڵۆزی ناوخۆیی و جەمسەرگیری و نائارامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوەندە نەبۆتە پرسێك بۆ جیابونەوە لە عێراق و سەربەخۆبون.

لە بەرامبەر ئەمەدا، بزوتنەوەی گۆڕان دەیەوێت وڵاتێکی پێشکەوتوی دامەزراوەیی دروستبکات، و هەڵبژاردنی پاکو بێگەرد لە کاتی خۆیدا ئەنجامبدرێت بە تایبەت بۆ پۆستە باڵاکان و ڕێز لە ئەنجامەکەشی بگیرێت. کوردستانێکی سەربەخۆ بێتە ئاراوە کە دادگایەکی بەهێزی بێلایەنی هەبێت و زامنی هەمو ماف و ئازادیە سیاسی و ئاینی و مەدەنی و ڕۆژنامەوانیەکانی هاوڵاتیانی کوردستان بکات و سەروەری یاسا بپارێزێت و چونیەك بێت بەرامبەر بە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات. هەروەها ئابوریەکی پتەوی هەبێت و پشت بەستو بێت بە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و تاکی کورد لە بەکاربەر و بەرخۆرەوە بکات بە تاکی بەرهەمهێن کە باج بدەن بە حکومەت و لە بەرامبەردا لێپرسینەوە لە حکومەت و دام و دەزگاکانی بکەن. لەپاڵ ئابوری نیشتیمانی و زانکۆی نیشتیمانی و دادگای نیشتیمانیدا.

بزوتنەوەی گۆڕان دەیەوێت کوردستانی سەربەخۆ سوپایەکی نیشتیمانی هەبێت کە کاری بەرگری بێت لە هەمو خاك و سنور و سەروەری کوردستان و نەبێتە بەشێك لە ململانێ ناوخۆییەکان و بەیەك دوری لە هەمو حزبەکانەوە بوەستێت و زامنی هەڵبژاردنی بێخەوش و سیستەمی دیموکراسی و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بکات.

## چۆنێتی گەیشتن بە سەربەخۆیی

بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، دەکرێت لەڕێی ڕیفراندۆمەوە بکرێت و دەکرێت بەبێ ڕیفراندۆمیش ڕابگەیەنرێت، هەردو شێوازەکەش نمونەیان زۆرە لە مێژودا. ئەوەی کە بەلای بزوتنەوەی گۆڕانەوە زۆر لە ڕیفراندۆم گرنگترە دروستکردنی پایەکانی دەوڵەتە وەك سوپا و ئابوری و زانکۆ و دادگای نیشتیمانی بۆ ئەوەی ئەگەر دەوڵەتمان ڕاگەیاند، بەرگەی فشاری سیاسی و سەربازی و ئابوری بگرین.

سەبارەت بە ڕیفراندۆمیش چەند ڕایەك هەیە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە ڕیفراندۆم کات و پارەیەکی زۆری دەوێت، ئەگەر ڕیفراندۆم بۆ زانینی ڕای خەڵکی کوردستانە، ئەوا پێویست بە ڕیفراندۆم ناکات، چونکە رای خەڵکی کوردستان و سەرجەم پارتە سیاسیەکان زۆر ڕون و ئاشکرایە کە لەگەڵ سەربەخۆییدان، بۆیە پێویست بەو هەمو کات کوشتن و پارە خەرج کردنە ناکات. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ڕیفراندۆمێک لە هەرێم ئەنجامدراوە هەرچەندە فەرمیش نەبووە، بەڵام ڕێژەی ٩٨%ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە بژاردەی سەربەخۆییدا لەو ریفراندۆمەدا، بۆیە چیتر پێویست بە دوبارەکردنەوەی ئەو پرۆسەیە ناکات.

ئەگەر پارتی و شوێنکەوتوەکانیان مەبەستیان مزایەدەی سیاسی و شاردنەوەی شکستەکان و بەدەستهێنانی دەنگ نیە و بە ڕاستی دەیانەوێت دەوڵەت دروست بکەن ئەوا با لە جیاتی کات کوشتن و پارە بەفیڕۆدان لە شتێکدا کە پێی دەوترێت ڕیفراندۆم و پێشتر کراوە. دەستبکەن بە دروستکردنی دەوڵەت و کەس ڕێگری لێنەکردون.

دروستکردنی دەوڵەتیش کۆمەڵێک پێشمەرجی هەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان و کاک نەوشیروان چەندین ساڵ لەمەوبەر باسیان کردوە و داوایان کردوە و بەشێکیشە لە مانیفێست و بەرنامەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، کە بریتین لە:

١- دیاریکردنی سنوری کوردستان:

ناوچە دابڕاوەکان ٥٢% خاکی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنێت، لە سنجارەوە تا کەرکوک و خانەقین. بە واتایەکی تر ڕاپرسی کردن تەنها لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە، بێ بەشکردنی دانیشتوانی کەرکوک و خانەقین و ناوچە

دابڕاوەکانە لە دەنگدان و ڕیفراندۆم. ئەمەش هەڵەیەکی ستراتیژی و مێژوییە و دانانان و تەسلیم بونە بەو پڕوپاگەندە و هەڕەشانەی کە حکومەتی عێراق و تورکیا و دەوڵەتە ئیقلیمیەکان دەیکەن و دەڵێن کەرکوک و خانەقین و چواردەوریان هەرگیز ناوچەی کوردنشین نەبون و نابن.

بە واتایەکی تر ئەم ڕیفراندۆمەی پارتی و حیزبە شوینکەوتوەکانیان دەبێتە سەنەدێکی یاسایی و مەیدانی بەهێز بەدەست عێراق و دەوڵەتە ئیقلیمیەکانەوە؛ دوایی تورکیا دەڵێت کوردەکان خۆشیان سەلماندیان کە ئەو ناوچانە کوردستانی نین، ئەگەرنا بۆچی کوردەکان ڕیفراندۆمیان تێدا نەکرد. واتە لەو حاڵەتەدا ئێمە بیانویەکی ئاسان دەدەینە دەستیان کە ئەو ناوچانە کوردستانی نین. بۆیە گەڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان پێش ڕیفراندۆم خاڵێکی گرنگ و جەوهەریە.

زیاد لەوەش، ڕیفراندۆم زیاتر لەو ناوچانە دەکرێت کە نیزاع و ململانێ و ڕای جیاوازی تێدایە لەبارەی سەربەخۆیی یان هەر پرسێکی هەستیار و چارەنوسساز کە چارەنوسی میلەتێك دیاری دەکات. بۆ نمونە لە سکۆتلەندا پارتی نیشتمانی سکۆتلەندی (Scottish National Party) لەگەڵ سەربەخۆیی و جیابونەوەی سکۆتلەندا بو لە بەریتانیا، بەڵام لە بەرامبەردا پارتی کرێکاران و پارتی پارێزگارانی بەریتانی دژی بون. کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا ڕیفراندۆم کرا، زۆرینەی سکۆتلەندیەکان دەنگیان بە مانەوەدا لەگەڵ بەریتانیا. هەروەها هەرێمی کیوبیک (Québec) ی فەرەنسی-زمان لە کەنەدا ڕیفراندۆمیان کرد بۆ سەربەخۆیی؛ چونکە لە بەرامبەر سەربەخۆ خوازەکاندا دەنگێکی زۆر هەبو دژی سەربەخۆیی بو، بۆیە پێویستان بەوە بو کە ڕیفراندۆم بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پرسە بە شێوەیەکی دیموکراسی یەکلایی بکەنەوە لە نێوان ئەو دو ڕا جیاوازەدا. کە ریفراندۆمیشیان کرد، دەنگی ئەوانە زۆرتر و زوڵاڵتر بو کە لەگەڵ مانەوەدا بون لەگەڵ کەنەدادا، بۆیە مانەوە.

هەروەها هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا پێویستان بە ڕیفراندۆم بو بۆ جیابونەوە لە ئیسپانیا، وە لە ساڵی ٢٠١٤ دا ریفراندۆمیان ئەنجامدا. هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە پێویستان بە ریفراندۆم هەبو، ئەوەبو کە دو ڕای دژ بەیەك هەبو سەبارەت بە سەربەخۆیی؛ بۆیە پێویستبو ڕیفراندۆم بکەن بۆ ئەوەی بزانن کام لەم دو ڕایە

زۆرینەیە و سەردەکەویت. واتە سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کەتەلۆنیەکان لەگەڵ جیابونەوەدابون لە ئیسپانیا، بەڵام ژمارەیەکی زۆری تریش لە کەتەلۆنیەکان کە لەگەڵ مانەوەدا بون لە چوارچێوەی ئیسپانیادا و پێیان وابو کە مانەوەیان زیاتر لە بەرژەوەندیانە، چونکە ئیسپانیا وڵاتێکە لەڕوی سیاسیەوە دیموکراسیەو کەتەلۆنیەکان دەتوانن ممارەسەی هەمو مافە سیاسیەکانی خۆیانی تێدابکەن و بەهۆی سیستەمی لامەرکەزیشەوە تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی سیاسی و ئیداری و داراییان هەیە، و لە ڕوی ئابوریشەوە دەتوانن سود لە بازاڕێکی گەورەی وەك ئیسپانیا ببینن، چونکە کەتەلۆنیا هەرێمێکی پیشەسازی دەوڵەمەندە و پێویستی بە بازاڕێکی گەورەتر هەیە لە هەرێمەکە خۆی بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی. بۆیە کە ڕیفراندۆمیش کرا دەنگ بە مانەوەدرا لە ئیسپانیادا.

کەواتە مەرج نیە ڕیفراندۆم تەنها بۆ سەربەخۆیی بێت، بەڵکو بۆ یەکلایی کردنەوەی هەمو پرسە چارەنوسسازەکان دەکرێت کە ڕای جیاوازی لەبارەوە دروست دەبێت. بۆ نمونە لە تورکیادا، دوو ڕا هەبوو لەسەر هەموارکردنی دەستوری تورکیاو گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە، ئاکپارتی و مەهەپە و چەند پارتێکی دیکە لەگەڵ هەموارە دەستورییەکەدا بون، لەبەرامبەردا جەهەپەو هەدەپەو چەند پارتێکی دیکە لە دژی بون، سەر ئەنجام ریفراندۆم ئەنجامدراو بەرەی بەڵێ بۆ هەمواری دەستور بردیانەوە.

بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا، سەرجەم پارتە سیاسیەکان و زۆرینەی زۆری هاوڵاتیان لەگەڵ سەربەخۆییدان؛ نە پارتێکی سیاسی کوردی، نە گروپێکی سیاسی گەورە و کاریگەر، نە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان هەبوە تا ئێستا دژی سەربەخۆیی بێت، کەواتە ئەم ڕیفراندۆمە چ سودێکی هەیە. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە لەم ڕیفراندۆمەدا ئەوەیە کە ئەو شوێنانەی پێویستان بە ڕیفراندۆمە وەك کەرکوك و خانەقین و ناوچە دابڕاوەکان ڕیفراندۆمیان تێدا ناکرێت، ئەو ناوچانەی پێویستیان بە ڕیفراندۆم نیە وەك پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە ڕیفراندۆمیان تێدا دەکرێت. ناوچە دابڕاوەکان پێویستان بە ڕیفراندۆمە چونکە پێکهاتەی تری غەیرە کوردیان تێدا دەژی کە بەشێکیان دژی گەڕانەوەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دژی

سەربەخۆی کوردستانیشن، بەتایبەتی بەشێکی هاونیشتیمانیە عەرەب و تورکمانەکان. بۆیە زۆر گرنگە ڕیفراندۆم لەو ناوچانە بکرێت و گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خەسڵەتێکی دیموکراسی وەربگرێت؛ وە بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەمریکا و ئەوروپا و جیهانی بسەلمێنین کە ڕاستە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەب و تورکمانەکان دژی گەڕانەوەن بۆسەر هەرێمی کوردستان و سەربەخۆیی، بەڵام کوردەکان زۆرینەن لەو ناوچانە و دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانیشدان.

بەڵام پارتی و حیزبە شوێنکەوتەوەکانی لە بری ئەوەی لە ناوچە دابڕاوەکان ڕیفراندۆم بکەن کە پێویست و گرنگ و یەکلاکەرەوەیە، دێن لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەیکەن کە هیچ پێویست و گرنگ نیە، نەوەك دڵی تورکیا و دەوڵەتە ئیقلیمیەکانیان لێبڕەنجێت. دەکرێت لە ناوچە جێناکۆکەکان ڕاپرسی بکرێت و پرسیارەکانیش بەم شێوەیە بێت. یەکێك لەم بژاردانە هەڵبژێرە.

ا. لەگەڵ گەڕانەوەی ناوچەکەمم بۆ سەر هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانم.
ب. لەگەڵ گەڕانەوەی ناوچەکەمم بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام دژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانم.
ج. دژی گەڕانەوەم بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیشم.

ئەم شێوە ڕاپرسیە دو سودی هەیە. یەکەم کوردەکانی ناوچە دابڕاوەکان کە زۆرینەی دانیشتوان پێك دەهێنن لەو ناوچانە زۆرینەی زۆریان دەنگ بە بژاردەی (ا) دەدەن. واتە دەتوانین پشانی وڵاتانی جیهانی بدەین کە گەلی کورد زۆرینەن لەو ناوچانە و دەیانەوێت هەم بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیشدان؛ واتە دەتوانین بە تیرێك دو نیشان بپێکین، هەم ٥٢% ی خاك و خەڵکەکەمان بگێرینەوە، هەم سەربەخۆییش ڕابگەیەنین. بەشێکیش لەو عەرەب و تورکمانانەی کە دۆستی کوردن ڕەنگە دەنگ بە بژاردەی ژمارە (ب) بدەن، واتە بیانەوێت بێنە سەرهەرێمی کوردستان، بەڵام نەیانەوێت هەرێمی کوردستان سەربەخۆ

بێت. ئەمەش لەڕوی مەعنەوی و یاساییەوە هێزێکی زیاترمان دەداتێ و دەیسەلمێنێت کە ئەگەرچی ژمارەیەك عەرەب و تورکمان هەن دژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدان ناوچەکانیان بێتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش پشانی دنیای دەرەوە و ئەمریکی و ئەوروپییەکانی دەدات کە کورد مامەڵەی باش بوە لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا و شایەنی دەوڵەتە. چونکە ئێمە چواردەورمان ئەگەر دوژمنیشمان نەبن، ئەوا دۆستمان نین و مەحاڵە بەبێ هاوکاری و پشتیوانی ئەمریکی و ئەوروپییەکان بتوانین دەوڵەت ڕابگەیەنین. بێگومان بۆ ڕاکێشانی سۆز و پشتیوانی ئەوانیش پێویستمان بەوەیە کە جگەلە دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتەکانی تر، وڵاتەکەمان لە ڕوی سیاسی و ئیداری و ئابوری و مافەکانی مرۆڤەوە زۆر بەرینە پێشەوە و سیستەمێکی دیموکراسی و ئابوریەکی پتەومان هەبێت، چونکە ئەمریکی و ئەوروپییەکان ئامادەنین پشتیوانی دەوڵەتێك بکەن کە لەڕوی سیاسیەوە دیکتاتۆری بێت و پەرلەمانی پەك خرابێت و لەڕوی ئابوریەوە شکستخواردو بێت و چەندین مانگ بێت موچەی فەرمانبەرەکانی نەدابێت.

ئەگەر ڕیفراندۆمیش نەکرێت، ئەشێت نزیکەی شەش مانگ جارێك لەم جۆرە ڕاپرسیانە لە ناوچە دابڕاوەکان بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت چەند لە عەرەب و تورکمانەکان دۆستی کوردن و دەنگ بە بژاردەی (ا- ب) دەدەن و چەندیان زیاتر ڕەگی شۆڤینیان هەیە و دژە کوردن، یان کورد زویری کردون و دەنگ بە بژاردەی (ج) دەدەن. لە ڕوی ئاسایشی نیشتیمانیشەوە گرنگە کورد لەو ناوچانە ئەو زانیاریانەی هەبێت. دوای شەش مانگ یان ساڵێکی تر کە هەمان ڕاپرسی کرایەوە؛ ئەتوانین بزانین ئایا سەرکەوتو بوین لەوەی کە چەمکی هاوڵاتیبون و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا بچەسپێنین و وابکەین کە ڕێژەیەکی زیاتر لە برا عەرەب و تورکمانەکان لە جاری پێشو دەنگ بە بژاردەی (ئەلف و بێ) بدەن، یان بە پێچەوانەوە کارێکمان کردوە کە زویرمان کردون و وامان لێکردون خۆیان بە بەشێك لەم وڵاتە و سیستەمەکەی نەزانن و ڕێژەی (جیم) زیادی کردوە لە چاو جاری پێشودا. ڕاستە ڕێژەیەك لەو عەرەب و تورکمانانە ڕەنگە زۆر شۆڤینی بن و کورد هەرچیەکان بۆ بکات ئەوان هەر دژی بن و هیچ سیاسەتێکی باشیش کاریان تێنەکات، بەڵام بێگومان ڕێژەیەکیشیان هەیە کە ئەگەر ئێمە مامەڵەمان باش بێت لەگەڵیاندا دێنە سەر ئەو باوەڕەی کە بێنە سەر

هەرێمی کوردستان و دەنگ بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیش بدەن، کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەمریکی و ئەوروپییەکان بۆ سەربەخۆیی. هەروەها ئەشێت مامەڵەی باشی کوردەکان لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەدا ڕێژەی پەیوەندی کردن بە گروپە توندڕەوەکانەوە کەم بکات. پێچەوانەکەشی ڕاستە، هەر مامەڵەیەکی خراپی کورد لەگەڵ ئەو پێکهاتانەدا دەبێتە بیانویەکی بەهێز بەدەست گروپە توندڕەو و تیرۆریستیەکانەوە بۆ ئەوەی زۆرترین کەسی بەرەو لای خۆیان پێڕابکێشن.

هیچ شتێك هێندەی سیستەمی سیاسی و ئابوری و سەروەری یاسا و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ گرنگ نیە بۆ پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان لە وڵاتێکدا. بۆ نمونە، ڕێژەیەکی زۆر لە عەرەبەکانی فەلەستین بەردەوام ئەچن بۆ ئیسرائیل چونکە لەوێ سیستەمێکی دیموکراسی هەیە و ئارامی سیاسی تێدایە و وەك فەلەستین نیە کە کێشە و ململانێ هەبێت لەنێوان لایەنە فەلەستینیەکاندا کە هەندێك جار سەردەکێشێت بۆ ململانێی خوێناوی، هەروەها خاوەنی ئابوریەکی بەهێزە و هەلی کاری زۆر تیا دەست دەکەوێت. بۆیە ئێمەش ئەگەر بتوانین سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی و ئابوریەکی بەهێز بنیات بنێین و یاسا سەروەر بێت و رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێت، ئەوا بێگومان عەرەب و تورکمانەکانیش بەخۆشحاڵیەوە لەگەڵمان دەژین. عەرەبە موسڵمانەکان بتوانن لەژێر سایەی ئیسرائیلی جولەکەدا بژین، بۆ ناتوانن لەژێر سایەی کوردا بژین کە بەشی زۆریان موسڵمانن.

٢- یەکێکی تر لە پێشمەرجەکانی دروست کردنی دەوڵەت لە جیاتی ڕیفراندۆمێکی ساختە و موزەیەف بۆ شاردنەوەی شکستەکان، دروستکردنی بنەمایەکی ئابوری نیشتمانیە کە پشت بەستو بێت بە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ، بۆ ئەوەی لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتدا، ئەگەر دەوڵەتانی چوار دەورمان گەمارۆی ئابوریان خستینەسەر، بتوانین خۆمان بژێنین و بەرگە بگرین و لە برسا نەمرین.

٣- دروستکردنی سوپایەکی نیشتمانی کە بەرگری لە هەموو خاکی کوردستان بکات بەبێ جیاوازی و سنورەکانمان بپارێزێت و نەبێتە بەشێک لە ململانێ ناوخۆییەکان. یەکێك لە پرسیارە سەرەکیەکانی بەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە

ئایا ئەمانەوێت بە ئاشتی جیابینەوە وەك چیكۆسلۆڤاكیا، یان بە شەڕ وەك یۆگۆسلافیا؟ ئەگەر بمانەوێت بە ئاشتی جیابینەوە، ئەوا ڕێوشوێنەكانی كامانەن؟ ئەگەر دڵنیاین سەربەخۆیی توشی شەڕمان دەكات لەگەڵ دراوسێكانماندا، ئایا ئامادەین بۆ شەڕ؟ سوپاكەمان تا چەند یەكگرتو و نیشتیمانی و پۆشتە و پڕچەكە و لەڕوی داراییشەوە دڵنیایە؟

٤- دروستكردنی زانكۆی نیشتیمانی كە كادری بە توانا پێبگەیەنێت كە بتوانن پەرە بە بوارەكانی پیشەسازی و كشتوكاڵ و گەشتوگوزار و سەرجەم بوارەكانی تر بدەن. هەروەها دروستكردنی دادگایەكی نیشتیمانی بێلایەن كە زامنی سەروەری یاسا و مافەكانی مرۆڤ بكات.

٥- دروستكردنی دامەزراوەیەكی نیشتیمان بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە كە كاری پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاكانی گەلی كورد بێت، و لەو پێناوەشدا هاوسەنگی ڕابگرێت لە پەیوەندیەكانماندا لەگەڵ وڵاتە ئیقلیمیەكان و زلهێزەكانی جیهاندا، نەک لەبەر خاتری وڵاتێک سەرجەم وڵاتەكانی تر فەرامۆش و زویر بكات، كە بە دوو شێوەی سەرەكی زیانی لە هەرێم داوە، لە لایەک نەوتەكەی تاڵان فرۆش كردوین بۆ ٥٠ ساڵ، لە لایەكی تریشەوە، بەشی زۆری وڵاتە ئیقلیمیەكانی لێ زویر كردوین. بە كورتیەكەی دەبێت بنەماكانی دەوڵەت دروست بكەین و بیچەسپێنین، ئینجا دەوڵەت ڕابگەیەنین. ئەوانەی پێیان وایە كە دەتوانین دەوڵەت ڕابگەیەنین، ئینجا بنەماكانی دروست بكەین، ئەوە زۆر بە هەڵەدا چون، چونكە ئەگەر ئەوە بۆ هەندێك دەوڵەتی تریش دەستی دابێت، ئەوە بێگومان بۆ ئێمە دەست نادات لەبەر ئەوەی چواردەورمان ناحەزە و بوارمان نادەن بژین و بەردەوام بین. بۆیە زۆر گرنگە پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەت تەواو خۆمان ئامادەكردبێت لە ڕوی سیاسی و سەربازی و ئابوریەوە بەرگەی سەرجەم فشارەكانی چواردەورمان بگرین. بەڵام ئێستا كە ئەمانە هیچیمان نیە و هیچ كاریان بۆ نەكراوە، بێگومان لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتدا، نە بەرگەی فشاری سیاسی، نە فشاری سەربازی، نە فشاری ئابوری دەگرین.

## دروستکردنی پایەکانی دەوڵەت یان پروپاگەندەی سیاسی (ئیسرائیل بەنمونە)

لە دنیای سیاسەتدا شتێک هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر سیاسیەکان بیانەوێت و مەبەستیان بێت شتێک جێبەجێبکەن، ئەوا بە بێدەنگی هەوڵی بۆ دەدەن و تەواوی بنەماکانی بە پتەوی دروست دەکەن و دەیچەسپێنن، ئینجا ڕایدەگەیەنن. بۆ نمونە کاتی خۆی پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، بنەماڵەی سەرمایەداری گەورەی جولەکە ڕۆزچایەڵد (Rothschild)، کە خاوەنی زۆربەی بانکە گەورەکانی ئەوروپا بون بە نهێنی و بێدەنگی خەریکی دروستکردنی چەندەها نشینگەبون بۆ جولەکەکان لە فەلەستین کە لە ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەت و شوێنەکانی تری دنیاوە ڕویان تێدەکرد. فەلەستینی ئەوکات سەرەتا بەدەست دەوڵەتی عوسمانیەکانەوە بو، دوای جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکان کەوتە دەست بەریتانیەکان. بنەماڵەی ڕۆزچایەڵد و چەندەها بنەماڵەی تری سەرمایەداری جولەکەی ئەوکات بەشێکی زۆری پارەکانین هێنایەوە بۆ فەلستین نەك هەر بۆ دروستکردنی نشینگە بۆ جولەکەکان، بەڵکو بۆ دروستکردنی چەندەها کێڵگەی کشتوکاڵی و بەهێزکردنی ئابوری ئەو دەوڵەتەی دوایی ناویان لێنا ئیسرائیل.

هاوشانی ئەوانیش، سەرکردەکانی ئیسرائیل (تیۆدۆر هێرتزڵ و حایم وایزمان و دەیڤد بن گۆریۆن و گۆڵدا مایر و هاوەڵەکانیان) پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەت، دەمێک بو بە نهێنی و دور لە هەلا و هاشوهوش و پروپاگەندە و میدیا و بەنهێنی و بێدەنگی لە ڕوی سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسیەوە پشتیوانیان کۆ دەکردەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل و لەو پێناوەشدا کۆمەڵێک دامەزراوەی نیشتمانیان دروست کردبو، پارەیەکی زۆریان لە جولەکەکانی تاراوگە لە ئەمریکا و ئەوروپا کۆکردبۆوە بۆیە پڕچەککردنی سوپاکەیان کە سوپایەکی نیشتیمانی بو. هەروەها خاوەنی چەندەها کێڵگەی کشتوکاڵی بون، بۆیە وەختێک دەوڵەتیان ڕاگەیاند (بەبێ ڕیفراندۆمیش ڕایانگەیاند) و دەوڵەتە عەرەبیەکان پەلاماریان دان، توانیان بەرگەبگرن و شەڕەکەیان بردەوە، ڕاستە ئەمریکا و خۆرئاوا پشتیوانیان کردن، بەلام بێگومان خۆشیان ئامادە بون بۆ بەرگری لە ولاتەکەیان و چەندین دامەزراوەی نیشتمانیان هەبوو.

باسکردنی ئەم ئەزمونە لێرەدا مەبەست لە پشتیوانی کردن نییە لە فۆرمی دەوڵەتی ئیسرائیل و شێوازی حکومرانی و پێشێلکارییەکانی دژ بە گەلی فەلەستین، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە سود لە ئەزمونی گەلێك وەربگرین کە هاوشێوی ئێمە لەم ناوچەیەدا دەژین کە پێی ئەوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوشێوەی ئێمە چواردەوریان بە دوژمنەکانیان تەنراوە، بەڵام ئەوان خاك و نیشتیمانەکەیان خۆش دەوێت و بەشێوەیەکی دامەزراوەیی و سیستەماتیك کاری بۆ دەکەن؛ دەکرێت ئێمەش سود لە ئەزمونیان وەربگرین. ئێمە کە هیچ دامەزراوەیەکی نیشتمانیمان نیە لە هیچ ڕویەکەوە ئامادە نین و بەرگەی فشار ناگرین، نە لە ڕوی سیاسی، نە لەڕوی سەربازی، نە لە ڕوی ئابوریەوە، قسەکردن لە دروستکردنی دەوڵەت و پروپاگەندە و هەڵانانەوەی ئیعلامی جگە لە زیان چ سودێکی هەیە. ئەم هەمو هەڵا ئیعلامیەی پارتی و دواکەوتوەکانیان لە یەکێتی و پارتەکانی دیکە بەبێ ئەوەی هیچ ئامادەکاریەکیان کردبێت و هیچ هەنگاوێکیان نابێت بۆ دروستکرنی پایەکانی دەوڵەت لەڕوی سیاسی و سەربازی و ئابوریەوە، نیشانەی ئەوەیە کە بە جدیان نیە و تەنها دەیانەوێت ڕیفراندۆم بۆ مەبەستێکی تر بەکاربهێنن. ئەگەر یەکێتی و پارتی مەبەستیانە بە ڕاستی دەوڵەت دروست بکەن، ئەوا با بفەرمون و کەس دەستی نەگرتون و بە بێدەنگی هەموو دامەزراوە نیشتمانیەکان دروست بکەن، بۆ ئەوەی کە دەوڵەتمان ڕاگەیاند بەرگەی فشار بگرین. ئەگەر تەنها بۆ ئەوەشە کە گەندەڵی و شکستە سیاسی و ئیداری و مالیەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە و دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە دەنگ بە دەست بهێنن و هەڵبژاردنی ئەم جارە بەرنەوە، ئەوا ئەو پارە زۆرەی لەو ڕیفراندۆمە ساختەیەدا خەرجی دەکەن بیدەن بەو موچەخۆرانەی کە چەندین مانگە بەناوی پاشەکەوتەوە موچەکەیان دەخورێ باشترە.

لە ئیستادا زۆربەی ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەم ڕیفراندۆمە دو مەبەستی سەرەکی لە پشتەوەبێت. یەکەم هەوڵێک بێت بۆ شاردنەوەی گەندەڵی و شکستەکان و بەدەستهێنانی دەنگ، بەتایبەت کە وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم دیاریکرا لە ٢٥-٩-٢٠١٧ واتە بەر لە دومانگ لە هەڵبژاردنی (پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم)، ئەمە لەکاتێکدا دەکرێت ریفراندۆم و هەردو هەڵبژاردنەکە لە یەک کاتدا ئانجام بدرانایە وەک ئەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم پێشنیاری کردبوو، بەڵام پارتی

دەخوازێ سود لە دەرئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە وەربگرێت بۆ هەڵبژاردنەکانی تشرینی دوەمی ٢٠١٧، هەر بۆیە بە بێ هیچ پاساوێکی لۆژیکی مانگی ئابی هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم.

پێشتریش فازل میرانی (بەرپرسی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان) ڕایگەیاند کە ئەوان نەتیجەی ریفراندۆمەکەیان دەوێت، بەڵام کاری پێ ناکەن. ئەی کە کاری پێ ناکەن، کەواتە هاوڵاتیانی کوردستان بۆ ئەزیەت دەدەن و کاتیان لەخۆڕا دەکوژن.

مەبەستی دوەمی ئەم ڕیفراندۆمە ڕەنگە ئەوە بێت کە وەك کارتی فشار بەکاری بێنن و هەندێك پۆست و پارەی پێوەربگرن لە بەغدا، بەتایبەتی کە ئێستا پارتی ئەو هێزەی جارانی نەماوە لە بەغدا و هەندێك پۆستی لێسەندراوەتەوە وەك لابردنی هۆشیار زێباری لە وەزیری دارایی، بۆیە دورنیە پارتی دواکەوتوەکانی لە یەکێتی بەکاربێنێت بۆ ئەوەی ڕیفراندۆمێکی ساختە و نمایش ئاسا بکەن و هەنکێك پۆست و پارە و هێزی پێبەدەست بێنن لە بەغدا، دور نیە تورکیا و وڵاتە ئیقلیمیەکانیشیان ئاگادار کردبێتەوە لە وردەکاری سیناریۆکە بۆ ئەوەی هیچ ترس و پەرچەکردارێکیان نەبێت. ئەمەش ڕێی تێدەچێت چونکە پێشینەی هەیە، لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ڕیفراندۆم کرا، سەرەنجام لەجیاتی سەربەخۆیی، پارتی و یەکێتی هەندێك پۆستیان پێوەرگرت لە بەغدا.

هۆکاری یەکەمی ئەم ڕیفراندۆمەی پارتی و شوێنکەوتوەکانیان لە یەکێتی کە جۆرێکە لە سەرکێشی بۆ شاردنەوەی شکست و گەندەڵی ٢٦ ساڵەی حکومڕانیان و موزایەدەیەکی ڕوتی سیاسیە بەرامبەر لایەنەکانی تر و بە تایبەت بزوتنەوەی گۆڕان و بۆ بەدەستهێنانی هەندێك دەنگی زیاتر بێت لەم هەڵبژاردنەدا. ئەگەر ئەمەیان وابێت دەچێتە خانەی خیانەتی نیشتیمانیەوە، چونکە یەکێك لە پێناسەکانی خیانەتی نیشتمانی بریتیە لە بازرگانیکردن و ڕیسککردن بە کەیسی نەتەوەیەکەوە لە پێناوی بەرژەوەندیەکی تەسکی حیزبی و بنەماڵەیی و کەسیدا. ئێستا ئەمە بە ڕونی لە کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، پارتی و شوێنکەوتوەکانیان لە یەکێتی لە پێناوی شاردنەوەی شکستەکانیان و گەندەڵیەکانیاندا و بە دەستهێنانی دەنگ و بردنەوەی

هەڵبژاردنی ئەم جارەدا وا خەریکە ئەم ئەزمونە بچوکەی هەشمانە دەیخەنە مەترسیەوە، چونکە بێگومان ئەم جولانەی پارتی و دواکەوتوەکانیان لە یەکێتی بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی ناوچەکە دەکات بە دوژمن لێمان، لە کاتێکدا ئێمە لە هیچ ڕویەکەوە حازرو ئامادە نین و بەرگەی هیچ هێرشێکی سەربازی و گەمارۆیەکی ئابوری ناگرین. بۆیە زۆر گرنگە وریا بین و نەهێڵین ئەم مشەخۆرانە یاری بەم ئەزمونەوە بکەن کە بە خوێنی هەزارەها شەهید بەدەست هاتوە و توشی ئاشبەتاڵێکی ترمان نەکەنەوە.

## ئەزمونی وڵاتانی نوێ دوای سەربەخۆیی

مەرج نیە هەر دەوڵەتێك لەڕێی ڕیفراندۆمەوە سەربەخۆیی بەدەستهێنا سیستەمێکی دیموکراسی هەبێت و هەر دەوڵەتێك بەبێ ڕیفراندۆم سەربەخۆیی ڕاگەیاند سیستەمێکی نادیموکراسی هەبێت. لە ساڵی ١٩٩٠ ەوە تا ئێستا، ٣٤ وڵاتی نوێ دروست بون و سەربەخۆییان وەرگرتوە. بەشی زۆری ئەمانە ڕاستەوخۆ و بێ ڕیفراندۆم سەربەخۆییان ڕاگەیاندوە و بەشێکی کەمیان لە ڕێی ڕیفراندۆمەوە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە.

بەشێکی زۆری ئەم وڵاتانە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و یۆگۆسلاڤیاوە دروست بون. ئەو وڵاتانەی کە لە یەکێتی سۆڤیەت جیابونەوە بریتی بون لە (کازاخستان و ئۆزبەکستان و تورکمانستان و ئەرمینیا و جۆرجیا و ئازەربایجان و لیتوانیا و لاتیڤیا و ئەستۆنیا و بیلاڕوس و چەند دەوڵەتێکی تر). ئەو دەوڵەتانەش کە لە یوگسلافیا جیابونەوە بریتی بون لە (بۆسنە، کرواتیا، کۆسۆڤۆ، مەکەدۆنیا، مۆنتینیگرۆ، سربیا، و سلۆڤینیا). چەند دەوڵەتێکی تریش لەم دواییانەدا سەربەخۆییان وەرگرت وەک (ئەریتریا و باشوری سودان و تەیموری خۆرهەلات و چەند وڵاتێکی تر).

مەسەلەی ڕیفراندۆم مەرجی سەرکەوتنی هیچ دەوڵەتێك نیە. باشوری سودان بە ڕیفراندۆم لە ساڵی ٢٠١١ دا لە سودان جیابۆوە، بەڵام ئێستا یەکێک لە وڵاتە هەرە شکستخواردوەکانی جیهان؛ لە ڕوی سیاسیەوە دیکتاتۆری و مافیاییە و لە ڕوی ئابوریەوە زۆر لاوازە. بۆیە ئێستا هاوڵاتیانی باشوری سودان بەردەوام کۆچ دەکەن بۆ

سودان کە پێشتر لێی جیابونەتەوە. لە بەرامبەردا نمونەی سلۆڤاکیا هەیە کە ساڵی ١٩٩٣ لە چیکۆسلۆڤاکیا جیابۆوە بەبێ ڕیفراندۆم، ئێستا نمونەی وڵاتە هەرە سەرکەوتوەکانی جیهانە. لە ڕوی سیاسیەوە دیموکراسیە و لە ڕوی ئابوریەوە زۆر بەهێزە.

بە مەرجێک ئەم وڵاتە پێشتر لە ژێر سایەی سیستمێکی کۆمۆنیستی دیکتاتۆری زۆر خراپدا بوەو لە ڕوی ئابوریەوە زۆر لاواز بوە. لە ڕوی جوگرافیەوە وەکو کوردستان وایە؛ زۆر شاخاویە و بە وشکانی دەورە دراوە و هیچ دەرچەیەکی ئاوی نیە و ڕوبەرەکەشی بە نزیکەیی نیوەی ڕوبەری کوردستانە. چونکە ڕوبەری هەرێمی کوردستان بە ناوچە دابڕاوەکانەوە نزیکەی ٨٠ هەزار کم٢ یە، بەڵام سلۆڤاکیا ڕوبەرەکەی نزیکەی ٥٠ هەزار کم٢ یە و ژمارەی دانیشتوانیشی نزیکە لە هەرێمی کوردستانەوەو ژمارەیان ٥ ملیۆن کەسە. بەڵام پێچەوانەی ئێمەوە، ئەوان توانیویانە دامەزراوەکانی دەوڵەت دروست بکەن و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیەکانیان دابین بکەن. هاوکات ئازادی تاک و ئازادی ئاینی و ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی سیاسییان بۆ فەراهەم بکەن.

هاوکات بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دابین بکەن. سلۆڤاکیا ئێستا یەکێکە لەو وڵاتانەی ئەوروپا کە ئابوریەکەی زۆر بە خێرایی بەرەوپێش دەچێت. ئێستا لە ڕوی خێرایی گەشەی ئابوریەوە، سێیەم دەوڵەتە لە ئەوروپادا. هاوڵاتیانی سلۆڤاکیا دەتوانن بۆ ١٦٥ وڵات بڕۆن بەبێ ڤیزە و ١١ هەمین باشترین پاسپۆرتی جیهانیان هەیە. بە مەرجێک ئەوان بەبێ ڕیفراندۆم لە ساڵی ١٩٩٣ وە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە. لە کاتێکدا ئیمە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ ەوە بە شێوەیەکی دیفاکتۆ (عەمەلی) خاوەنی حکومەت و پەرلەمان و داهاتی خۆمانین بەڵام تەنانەت بۆ ئێران و تورکیاش دەبێت بە ڤیزە بڕۆین.

ئەوان توانیویانە بە شێوەیەکی زۆر باش قۆناغی گواستنەوە و ڕاگوزەر لە ئابوری کۆمەنیستیەوە بۆ ئابوری کاپیتالیستی تێپەڕێنن؛ یەکێك لە کارە سەرەکیەکانیان ئەوە بوە کە بەشی زۆری بانکەکانیان لە حکومیەوە کردوە بە ئەهلی و لەڕێی بانکی ناوەندیەوە یارمەتیانداون و قەرزیان بە سودی کەم داونەتێ بۆ ئەوەی ئەوانیش بە سودی کەم قەرزی پیشەسازی و کشتوکاڵی بدەن بە هاوڵاتیەکانیان لە پێناوی ئەوەدا

که گەشەی ئابوری بە خێرایی ڕوبدات. بەڵام لای ئێمە حکومەت زۆربەی بانکەکانی کوردستانی (بە تایبەت ئەوانەی سنوری سەوز و نیللی) مایە پوچ کرد. ئیتر ئابوری و دامەزراوە و دەوڵەت چۆن وا دروست دەکرێت. ڕێژەی بێکاری لە سلۆڤاکیا لە سەرەتای جیابونەوەدا لە ٢١% بوە، ئێستا گەیاندویانەتە ٧%، واتە ڕێژەی بێکاریان سێ هێندە کەمی کردوە. سلۆڤاکیا لە وڵاتێکەوە کە پێشتر قەرزی لە بانکی نێو دەوڵەتی وەرگرتوە، ئێستا قەرز دەدات بە بانکی نێو دەوڵەتی بۆ وڵاتە هەژارەکان و خاوەنی کەرتێکی پیشەسازی زۆر بەهێزە. تەنانەت بەشێکی زۆر لە کۆمپانیا گەورەکانی دروستکردنی ئۆتۆمبێلی ئەڵمانی هەندێك لە کارگەکانیان بردۆتە سلۆڤاکیا وەك ڤۆڵکسواگن و ئاودی و پۆرش. بەڵام ئێمە دوای ٢٦ ساڵ حکومڕانی و فرۆشتنی نەوت و گاز و بانگەشەی درۆینەی بەردەوامی پارتەکانی دەسەڵات بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت، پەرلەمان پەك دەخرێت و نوسەر تیرۆر دەکرێت و ئابوری هاڕە دەکات و گەنجەکان لەتاو بێکاری کۆچ دەکەن بۆ هەندەران، لەم لاشەوە چەند کەسێك کە بەشی زۆریان لە گەندەڵیەوە تێوەگلاون و سەبەبکاری داڕوخانی سیستەمی سیاسی و ئابوری ئەم وڵاتەن، وەك ئەوەی لای ئەوان هیچ ڕوی نەدابێت، دێن و دەڵێن دەوڵەتتان بۆ دروست دەکەین.

## ئەنجامگیری

ڕیفراندۆم پرسێکی نیشتیمانییەو ناکرێت لایەنێک یان چەند حزبێک بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەکاری بهێنن. ئەنجامدانیشی بەم دۆخە ئاڵۆزە سیاسییە، ئابوریە خراپە، گوزەرانە شێواوەی هاولاتیان لە ئێستاوە دەرەنجامی ئەو تۆی نیشتیمانی نابێت و تەنها خزمەت بە گروپێکی سیاسی بچوک دەکات.

مەسەلەی سەربەخۆیی لەڕوی تیۆریەوە  موڵکی پارتی نیە و چەندەها حزبی تر پێش پارتی پێشنیاریان کردوە و کردویانە بە بەشێك لە بەرنامەی سیاسیان وەك حزبی هیوا و کاژیك.

لە ڕوی پراکتیکیشەوە، پارتی نەك کاری بۆ دروستکردنی دەوڵەت و پایەکانی نەکردوە، بەڵکو دژیشی وەستاوەتەوە و ڕێگر بوە لەوەی بزوتنەوەی گۆڕان بەرنامەکانی خۆی بۆ چاکسازی لە حکومەتدا جێبەجێبکات. بۆ نمونە ڕێگربوە لە هەوڵەکانی گۆڕان بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و دروستکردنی سوپایەکی نیشتیمانی، هەروەها ڕێگر بوە لە دروستکردنی ئابوری نیشتیمانی، و دادگا و زانکۆی نیشتیمانی. بێگومان بەبێ بونی ئەم دامەزراوە نیشتیمانیانە دەوڵەت دانامەزرێت، ئەگەر داشمەزرا بەرگەی فشاری سیاسی و سەربازی و ئابوری دراوسێکان ناگرێت کە بەشێکیان هێزی گەورەی ئیقلیمین.

لە باشترین دۆخدا، ئەگەر دەوڵەتەکە دامەزراو دراوسێکانیش هیچ فشارێکیان لێنەکردین، ئەوا لە جیاتی دەوڵەتێکی پێشکەوتو کە لە ڕوی سیاسیەوە دیموکراسی و لەڕوی ئابوریەوە بەهێز بێت، میرنشینی بارزانیمان بۆ دروست دەکەن کە لە ڕوی سیاسیەوە دیکتاتۆری و لە ڕوی ئابوریەوە داتەپی و دەبێت، هاوشێوەی ئێستا.

ئەگەر بمانەوێت دەوڵەت بەشێوە زانستیەکەی دروست بکەین، ئەوا پێویستە بەبێ دەنگی هەمو پایەکانی دروست بکەین، ئینجا ڕایبگەیەنین، نەك هیچ پایەیەکی دەوڵەتی موئەسەساتیمان نەبێت و بیکەین بە هەڵای ئیعلامی و هەرچی دەوڵەتی دراوسێیە بکەین بە دوژمن لەخۆمان، لەکاتێکدا لە هیچ ڕویەکەوە توانای بەرگریمان نەبێت. بەڵام ئەگەر پایەکانی دەوڵەتێکی بەهێزمان دروست کرد، ئەوکات لەوانەیە پێویستمان بە ڕیفراندۆمیش نەبێت و ئەشێت ڕاستەوخۆ دەوڵەت ڕابگەیەنین.

# سەرچاوەکان


١. پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان.
٢. پەیامی نەوشیروان مستەفا بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، ٢٠١٢/٣/٢٠، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://archive.sbeiy.com/Detail.aspx?id=5275&LinkID=59

3. Hassan, Gerry (2009), The Modern SNP: From Protest to Power, Edinburgh University Press.
4. Harvie, Christopher (2004). Scotland and Nationalism: Scottish Society and Politics.
5. Schrijver, Frans (2006). Regionalism After Regionalization: Spain, France and the United Kingdom. Amsterdam University Press.
6. Hepburn, Eve (2013). New Challenges for Stateless Nationalist and Regionalist Parties.
7. Bryant, Nick (2014). Neverendum referendum: Voting on independence, Quebec-style.
8. Carens, Joseph H., ed. (1995), Is Quebec Nationalism Just?: Perspectives from Anglophone Canada, Montreal, McGill-Queen's University Press.
9. Guibernau, Montserrat (2004). Catalan Nationalism: Francoism, Transition and Democracy. Routledge.
10. Mar-Molinero, Clare; Smith, Angel (1996). Nationalism and the Nation in the Iberian Peninsula: Competing and Conflicting Identities. Bloomsbury Academic.
11. Conversi, Daniele (2000). The Basques, the Catalans and Spain: Alternative Routes to Nationalist Mobilisation. University of Nevada Press.
12. Dowling, Andrew (2013). Catalonia Since the Spanish Civil War: Reconstructing the Nation. Sussex Academic Press.
13. Conversi, Daniele (2000). The Basques, the Catalans and Spain: Alternative Routes to Nationalist Mobilisation. University of Nevada Press.
14. Moodrick-Even Khen, Hilly (2016). National Identities and the Right to Self-Determination of Peoples.
15. Buck, Tobias (2015). "Independence parties win in Catalonia but fall short of overall victory". Financial Times.
16. Turkish parliament nears approval of presidential system sought by Erdogan". Reuters.
17. Shaheen, Kareem (2017). "Erdoğan clinches victory in Turkish constitutional referendum" – via The Guardian.
18. Lord Rothschild: 'Investors face a geopolitical situation as dangerous as any since WW2'". Telegraph.co.uk.
19. The House of Rothschild: Money's prophets, 1798–1848, Volume 1, Niall Ferguson, 1999.
20. Rothschild: a story of wealth and power, by Derek A. Wilson, (Deutsch 1988).
21. A History of the Jews, Paul Johnson (London 2004).
22. Aharonson, Ran (2000). Rothschild and early Jewish colonization in Palestine. Israel: The Hebrew university Magnes Press.
23. Encyclopedia of Zionism and Israel, vol. 2, "Rothschild, Baron Edmond-James de,".
24. The Rothschilds and their 200 years of political influence Andy McSmith, 2008, The Independent (London).
25. Chouraqui, André. A Man Alone: The Life of Theodor Herzl. Keter Books, 1970.

26. Cohn, Henry J., (1970) "Theodor Herzl's Conversion to Zionism," Jewish Social Studies, Indiana University Press.
27. Glenda Abramson, ed. (2005). Encyclopedia of Modern Jewish Culture. Routledge.
28. Cleveland, William L. A History of the Modern Middle East. Boulder, CO: Westview, 2004.
29. Simha Flapan, (1979) Zionism and the Palestinians.
30. Zaki Shalom (2002). David Ben-Gurion, the State of Israel and the Arab World, 1949–1956. Sussex Academic Press.
31. Shapira, Anita (2014). Ben-Gurion: Father of Modern Israel. Yale University Press.
32. Elinor Burkett Golda Meir; The Iron Lady of the Middle East, Gibson Square.
33. Golda Meir, Encyclopedia of Zionism and Israel, ed. Raphael Patai, New York, 1971.
34. Zionists Proclaim New State of Israel; Truman Recognizes it and Hopes for Peace New York Times.
35. Harris, J. (1998) The Israeli Declaration of Independence The Journal of the Society for Textual Reasoning.
36. Maoz, Zeev, Mor, Ben D. (2002) Bound by Struggle: The Strategic Evolution of Enduring International Rivalries, University of Michigan Press.
37. Bickerton, Ian J. (2009) The Arab-Israeli Conflict: A History Reaktion Books.
38. Shemesh, Moshe (2007). Arab Politics, Palestinian Nationalism and the Six Day War: The Crystallization of Arab Strategy and Nasir's Descent to War.
39. Gat, Moshe (2003). Britain and the Conflict in the Middle East, 1964-1967: The Coming of the Six-Day War.
40. Quigley, The Six-Day War and Israeli Self-Defense, Cambridge University Press.
41. Rosenberg, Matt, (2107), The World's Newest Countries Since 1990.
42. Carrere D'Encausse, Helene (1993). The End of the Soviet Empire: The Triumph of the Nations (English – translated by Franklin Philip ed.). New York, NY.
43. Wolchik, Sharon L.; Jane Leftwich Curry (2007). Central and East European Politics: From Communism to Democracy. Rowman & Littlefield.
44. Edward, Walker (2003). Dissolution: Sovereignty and the Breakup of the Soviet Union. Oxford: Rowman & Littlefield Publishers.
45. Dejan Jović, (2009). Yugoslavia: a state that withered away. Purdue University Press.
46. Fick, Maggie (2011). "Over 99 percent in Southern Sudan vote for secession". USA Today.
47. Rebecca Hamilton. "Southern Sudanese Independence: High Hopes, Huge Obstacles". Pulitzer Center.
48. Trivett, Vincent (2011). "Oil-Rich South Sudan Has Hours To Choose Between North Sudan, China And The U.S". Business Insider.
49. Pitas, Costas (2015). Merriman, Jane, ed. "Jaguar Land Rover plans new plant in Slovakia.
50. Dixon-Kennedy, Mike (1998). Encyclopedia of Russian & Slavic myth and legend.